# دووەم دیداری نێودەوڵەتیی سینەما دژ بە تیرۆر لە هەولێر ساز دەکرێت




ساڵی پار خولی یەکەمی دیداری نێودەوڵەتی سینەما دژ بە تیرۆر لە هەولێری پایتەخت بە بەشداری چەندین فیلم و ئەکتەر لە شارە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق ساز کرا بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو دانرا، چونکە لە کاتێک ساز کرا کە وڵات بە قەیرانێکی ئابووری دژواردا گوزەر دەکات و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە توانایاندا نەبوو پشتگیری و هاوکاریی بکەن، بۆ ئەم ساڵیش بڕیارە خولی دووەمی فیستیڤاڵی سینەما دژ بە تیرۆر (خولی ئاشتی و پێکەوەژیان) ساز بکرێت، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز و بەرفراوانتر لە خولی یەکەم.

لەم بارەوە پشتیوان عەبدوڵڵا سەپەرشتیاری دیدارەکە وتی: پاش سەرکەوتنی ئەزموونی پار ساڵ لەو کاتەوە لە خۆئامادەکردندا بووین بۆ ئەوەی ئەم دیدارە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر درێژە پێبدەین و بەردەوام بێت، بۆ ئەم ساڵیش دیدارەکە بە دروشمی (ئاشتی و پێکەوەژیان) دەبێت و تا رادەیەکی زۆر جیاوازی دەبێت، چونکە خولی پار تەنیا لە شاری هەولێر ساز کرا، بەڵام بۆ ئەم ساڵ بە نیازین لە دوو کاتی جیاواز لە هەولێر و سلێمانی ساز بکرێ، سەرەتا لە شاری هەولێر دەبێت و دوای تەواو بوونی هەمان دیدار دەگوازینەوە پایتەختی رۆشنبیری و لەوێ دووبارەیان دەکەینەوە و بڕیار وایە (٩) وڵات و (٢٨) کورتە فیلمی جیاجیایکوردی و عێراقی و عەرەبی و بیانی بەشداری بکەن لەگەڵ نمایش کردنی (٣) فیلمی درێژ لە پەراوێزی دیدارەکە وەک میوان، ناوەڕۆکی فیلمەکان باس لە دژایەتی کردنی تیرۆر دەکات بە هەموو شێوەیەك و هەوڵێك دەبێت بۆ نیشاندانی ئەو پێکەوەژیانەی ئێستا لە کوردستان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا هەیە کە بۆ چەندین ساڵ دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بەو خەڵاتانەی تەرخان کراون بۆ فیلمە سەرکەوتووەکان،

سەرپەرشتیاری دیدارەکە وتی: لیژنەی باڵای دیدارەکە ژمارەیەك خەڵاتی سەرەکی تەرخان کردووە بۆ باشترینەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:
باشترین فیلمی کوردی، باشترین فیلمی عێراقی، باشترین فیلمی عەرەبی، باشترین فیلمی بیانی، باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری، باشترین دەرهێنان، باشترین پاڵەوان و ئەکتەری کوڕ و کچ، خەڵاتی باشترین بیرۆکەو سیناریۆ و چارەسەری درامی
جگە لەمە دیدارەکە ٣ جەربەزەترین کامیرمانی جەنگ دژ بە تیرور خەڵات دەکات کوردێك، عەرەبێك کریستیانێك، ئەوانەی رۆڵێکی قارەمانانەیان هەبووە لە وێنەگرتن و تۆمارکردنی رووداوەکانی جەنگی دژ بە تیرۆر لە بەرەکانی جەنگ و دیمەنەکان زۆر ترسناك بوون بەجۆرێك ژیانی خۆیان کەوتۆتە مەترسییەوە و لە هەمان کاتدا ئەو دیمەنانە نمایش دەکرێن لەسەروبەندی چالاکییەکانی دیدارەکەدا، هەروەها هەوڵێکی جددی هەیە بۆ هاوکاری کردنی ئەو فیلم و دەرهێنەرانەی خەڵاتەکان بەدەست دەهێنن بۆ ئەوەی بتوانن فیلمی تر بەرهەم بهێنن کە ناوەڕۆکەکەی دژ بە تیرۆر و تیرۆریستانە.
سەبارەت بەو هونەرمەند و کەسایەتیانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە دیدارەکە ئامادە بن وتی: ژمارەیەك ئەکتەر و سینەماکار لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بانگهێشت دەکرێن لەوانە: ١٤ دەرهێنەر لە ناوەوەی عێراق و کوردستان کە فیلمیان هەیە داوەت دەکرێن، ٣ دەرهێنەری ناسراو علی عبدالخالق و هانی لاشین و عمر عبدالعزیز لە میسرەوە،٤ دەرهێنەری بەشدار بە فیلم لە سوریاو، لە سلێمانی ١٠ هونەرمەندی دیار میواندار دەکرێن و فیلمە یەکەم و سەرکەوتووەکانی دیدار دوای پیشاندانیان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا لەلایەن کۆمپانیا (ئەڤین فیلم) پیشان دەکرێت، هەروەها مەراسیمی تایبەت لە کاتی کردنەوە و کۆتایی دیدار ساز دەکرێ و پانێڵێکی تایبەت لەسەر سینەما و تیرۆر بۆ سینەماکارانی بەشداربوو رێك دەخرێت و لیژنەی دادوەران لە ٤ کەس پێکدێت دوو کورد و دوو عەرەب.
سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە دەربارەی دیدارەکە زیاتر وتی: یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانمان نەبوونی سپۆنسەرە و وەزارەتی رۆشنبیریش بە سوپاسەوە تەنیا توانیویەتی لە رووی مەعنەوییەوە پشتگیریمان بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەوڵ دەدەین دیدارەکە بەردەوام بێت، ئامانجی سەرەکیمان گەیاندنی ناوەڕۆکی پێکەوەژیان و هەماهەنگی هەموو لایەکە دژی تیرۆر بۆ ئەوەی لە رێگای هونەری سینەماوە بیرۆکەی تیرۆر و لایەنی ناشیرین و قێزەونی ئەم دیاردەیە بە جیهان رابگەیەنین و هەوڵی بنبڕکردنی بدەین، بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمەڵێک فیستیڤاڵ و دیداری سینەمایی کردووە لە مەغریب و میسر و سوریا، و بە نیازین ژمارەیەک ئەکتەری ناسراوی عەرەبی و عێراقی داوەت بکەین، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە سەر پشتگیری و هەبوونی سپۆنسەر.

ئامانجی سەرەکیمان گەیاندنی ناوەڕۆکی پێکەوەژیان و هەماهەنگی هەموو لایەکە دژی تیرۆر بۆ ئەوەی لە رێگای هونەری سینەماوە بیرۆکەی تیرۆر و لایەنی ناشیرین و قێزەونی ئەم دیاردەیە بە جیهان رابگەیەنین و هەوڵی بنبڕکردنی بدەین

هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمەڵێک فیستیڤاڵ و دیداری سینەمایی کردووە لە مەغریب و میسر و سوریا، و بە نیازین ژمارەیەک ئەکتەری ناسراوی عەرەبی و عێراقی داوەت بکەین، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە سەر پشتگیری و هەبوونی سپۆنسەر

● **فیلمە بەشداربووەکان**

(بەڵێنی ١٠٠رۆژە) لە دەرهێنانی جانۆ رۆژبەیانی، (دوانەی ئازادی) لە دەرهێنانی ئەمیر تەها،(بێدەنگی ئاسمان) لە دەرهێنانی جوبرائیل ئەبوبەکر، فیلمی (دیاب) لە دەرهێنانی مازن شیربەیانی، فیلمی (گۆڵ. الهدف ) لە دەرهێنانی ئادەم ئەیاد، فیلمی (شین) لە دەرهێنانی سلێمان گەلاڵی، (+١٨) لە دەرهێنانی هەردی حەسەن، (باوکەکانم) لە دەرهێنانی بڕوا کامیل عەتار، (چاک) لە دەرهێنانی حوسێن زارین، (بازنەی ڕەش و سپی) لە دەرهێنانی فەرزین کەریم، (بڕیار) لە دەرهێنانی واحید کفری، (جەنگی ژن) لە دەرهێنانی سۆران سادقی، (میحوەری گوێڕ مەخمور) لە دەرهێنانی ئەحمەد فەوزی، میسر، (کوردەکانی خەلافەت) لە دەرهێنانی نامیق خۆشناو، بەریتانیا، (هەشت) لە دەرهێنانی ئەسیم سیفایج، سربیا، (راکردن) لە دەرهێنانی زولفەقار مەتەیری، عێراق، (ئەڤیۆن) لە دەرهێنانی نائیل نازم، عێراق، (ماستی جگەرەکێش) لە دەرهێنانی مالیک زوهیری، عێراق.
(بوکی خور) لە دەرهێنانی حەلیم زەهراوی، عێراق،(نان) لە دەرهێنانی مستەفا جەنابی، عێراق، (باڵندەی فڕیو) لە دەرهێنانی سالم شەدهان، عێراق،(ناوم مەریەمە) لە دەرهێنانی مەلاک عەبدول عەلی، عێراق.
(جوان) لە دەرهێنانی عەلی جابری، سوریا، (کەرامەت) لە دەرهێنانی سەدیر مەسعود، سوریا، (یاسەمین) لە دەرهێنانی موهەنەد کەلسووم، سوریا، (هاواری هیوا) لە دەرهێنانی کینان شەریف، سوریا، (تاهەتایەی کراوە) لە دەرهێنانی فایەق جەرادە، فەلەستین، (بنەڕەت یەکە) لە دەرهێنانی محەمەد عادل، میسر.



# دیبیکا شانازی بە کارکردن لە هۆڵیۆد دەکات

خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندی دیبیك بادۆکۆن رایگەیاند کە لە دڵەوە شانازی بەوەوە دەکات کە نوێنەرایەتی هیندستان دەکات لە کۆڕ و کۆبوونەوە هونەرییە نێودەوڵەتییەکان و بەشداری کردنی لە چەند فیلمێك لە هۆڵیۆد شان بە شانی ئەستێرە جیهانییەکان.

بادۆکۆن کە ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمێکی ئەمریکییە بە ناوی xXx: The Return of Xander Cage کە بڕیار وایە لەم مانگەدا نمایش بگرێت رایگەیاند: پێویستە لەسەر هەموو ئەکتەرانی بۆڵیۆد کە کۆڵ نەدەن و واز لە خەونی بە جیهانی بوون نەهێنن و کاری جددی بۆ بکەن، هەر لەم بارەوە کاتێك رۆژنامەنووسان دەربارەی هەستی پرسیاریان لێیکرد وتی: من زۆر زۆر دڵخۆشم ئەمە یەکەم فیلمەکانمە لە هۆڵیۆد، هەرچەندە من زۆر زوو تووڕە دەبم، بەڵام هەست بە جۆش و خرۆشێکی زۆر دەکەم، ئەمڕۆ سەرەتای کاروانی منە، هیواداریین بە زووترین کات فیلمە ئەمریکییەکەم بێتە هیندستان و جەماوەرەکەم لێی بێبەش نەبێت.

دیبیکا زیاتر سەبارەت بە یەکەم کاری خۆی لە هۆڵیۆد وتی: ئەم فیلمە لە هیندستان نمایش دەکرێت من دڵنیام بە هۆی ناوەڕۆکی فیلمەکە بە دڵیان دەبێت، هەروەها فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشیی زۆرە کە بە دەگمەن لە فیلمە هیندییەکان دەیبینین.

فیلمەکە لە دەرهێنانی دی جی کارۆسۆیە و هەریەکە لە ئەکتەران دونی وین، سامویل جاکسۆن، تۆنی جا، نینا دۆبریف، رۆنی رۆز، رۆری ماکان، کریس وۆ و ئاریانا جوتیریز بەشداریی تێدا دەکەن.

## نرخی کاتژمێرەکەی لەمیس چەندە؟

لە میانەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دوبەی بۆ فیلم، لۆك و شێوەی دەرکەوتنی ئەستێرەی تورکی تۆبا بۆیۆکستۆن سەرنجی هەموو لایەکی راکێشابوو، ئەویش نەك تەنیا بۆ ئەو پێچەیەی سەری پێ داپۆشیبوو، یان بۆ ئەو کراسە تەنکەی کە لەبەری کردبوو، بەڵکو گرنگیدانی رۆژنامەنووسان زیاتر بۆ ئەو کاتژمێرە جوان و گرانبەهایە بوو کە لە دەستی کردبوو.



لە میانەی فیستیڤاڵەکەدا کۆمپانیای (IWC) ی سویسری تایبەت بە بەرهەمهێنانی کاتژمێر، تۆبا وەك باڵیۆزی کۆمپانیای ناوبراو ئامادە بوو، لە ئاهەنگەکەدا تۆبا کە بە (لەمیس) ناسراوە کاتژمێرێکی کۆمپانیای ناوبراوی لە دەست کردبوو کە نرخەکەی (٢٩٣٠٠) دۆلاری ئەمریکی بوو و بە یەکێك لە نوێترین بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە دادەنرێت،

لەلایەکی دیکەوە هەر لە میانەی ئاهەنگەکەدا تۆبا ئامادە نەبوو باسی جیابوونەوەی خۆی لە ئەکتەری ناسراوی تورك ئەنوەر سایلاك بکات و تەنیا بۆ رۆژنامەنووسان وتی: (هەرچییەك بڵێم قسەکانی من بە شێوەیەکی جیاواز لێك دەدرێنەوە)، هەندێك لە سەرچاوەی هونەری ئەم قسەیان بە دان پێدانان بەبوونی چەندین گیروگرفت و جیابوونەوەیان وەسف کرد، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستی تەڵاق و جیابوونەوە بەشێوەیەکی رسمی کە بە ئاشکرا رایبگەیەنن.



## سەروەت و سامانی جورج مایکل دابەش دەکرێت

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ئەستێرەی و پادشای پۆپی بەریتانی کۆچکردوو جۆرج مایکل رایانگەیاند کە جۆرج مایکل لە دوای خۆی بڕی نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دلاۆری بەجێهێشتووە لە کاتێکدا ئێستا هیچ هاوسەر و منداڵی نییە.

سەرچاوە هونەرییەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە جۆرج مایکل لە وسیەتنامەکەیدا بەشێك لە پارەکانی بۆ بلۆ بیلی کچی خانمە گۆرانیبێژ جیری هالویل و چەند دەزگایەکی خێرخوازی تایبەت بە منداڵان و چارەسەرکردنی تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە تەرخان کردبێت.

هەروەها بەشێکی پارەکانی بۆ خوشکەکانی میلانی و یۆدا و فادی فەوازی هاوڕێی و منداڵەکانی کوڕی مامی ئەندرۆی، لەبەر ئەوەی هیچ منداڵی نەبووە ئەو پارەیەی دەمینێتەوە و لە وەسیەتنامەکەیدا باسی نەکردوون دەبێتە موڵکی ئەو منداڵانەی لە ژیانی خۆیدا پەروەردەی کردوون ئەوانیش رۆمان و هارلی مۆن کیمبن، شایەنی باسە جۆرج مایکل کە بە یەکێك لە ئەستێرەکانی پۆپی جیهانی دادەنرێت و بە پادشای پۆپی بەریتانیا ناسراوە رۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٥ لە ئەنجامی لاواز بوون دڵی لە تەمەنی ٥٣ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لە ماڵی خۆی.

# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

## (د. کەمال غەمباری رابەرم)

بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم: ڕۆژێ لە ڕۆژان داهێنەرێ، نووسەرێ، هونەرمەندێ نەبووە، کە کەسانێ، یان کەسێك کاریگەریی لەسەر نەبووبێ، مامۆستایەك، باوکێ، هاوڕێیەك، یان ئەو کەسە هاوکاری بووە، تەنانەت لە بوارەکانی سیاسەت و نیشتمانپەروەری، بگرە هەتا ئایینپەروەری، ئیدی بۆتە مورید، یان دەروێشی ئەو رابەرە ئایینییە، یان ئەو پێشنوێژەی، بە زبانی دڵ وێردی وەعز و ئیرشادەکانی کردۆتەوە و لە ناخەوە: (مەدەد ئەی پیری پیرانی بوخارا)ی بوو.

دیارە کاریگەریی لەسەر رەوتی هونەرەکەی بووە، هەر چۆن قوتابی و شاگردێکی ئەو دەمانەی (دارا دوو داری دی) یەوە کە هەرچەندە تەمەنی ئەو شاگردە بەرەو ژوور هەڵکشێ، هەر مامۆستای ئەو وانەی (ئەلف و بێ)یە بۆ شاناختر دەبێ و ئەویش هەر رۆڵەکەی جارانە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو پێوەندییەکە ساڵەهای بڕی و لەیەکدی دانەبڕان، ئەوە دەچێتە گۆڵدانی هاوهەستی و هاوخەمی و هاوڕێبازییەوە. بۆیە بە رادەیەك چەشەی چێژی شیرینی مەشرەبییەتی دەبێ، لە هۆگر بوونەوەو دەڕژێتە دەریای خولیاو خۆ پێوەگرتنەوە.

بەش بەحاڵی خۆم پتر لە نیو سەدە دەبێ مامۆستام (دکتۆر کەمال غەمبار)م، خۆش ویستووە، نەك ناسیومە، بەڵام بەر لەوەی من بیناسم، بیری ئازادیخوازی و خەبات و دژایەتی گشتی جۆرەکانی چەوساندنەوە، هەمیشەش ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی لە بازنە بەرینەکانیەوە بووەو پتریش لە ئاستی نەهامەتییەکانی گەلەکەماندا، هەر چۆن نموونەیەکی بەرچاوی گەلانی ستەمدیدەدا.

بەر لەوەی گەواهی بم و شایەتمانی هەق بە رەواییەکەی بهێنم، پەتپەتێن و دەربەدەری و تاڵاونووشینی ئەم سەرو ئەو سەری وڵاتەکە شایەتی بۆ دەدەن، کە دەیان جار لەسەر کارەکەی لابراوەو حەواڵەی خوارووی عێراق، یان شارۆچکە بیابانییەکانی دەوروبەری (بەسرە) کراوە.

بەڵێ، ئەو مرۆڤەی کۆت و پێوەندو کەلەبچەو دیواری زەبەلاحی زیندانەکان و ئەشکەنجە پتر لە من دەیناسن و گەواهی بۆ دەدەن. ئەو قوتابییە نەبوو، تاقیکردنەوەکانی قۆناغی سێی ناوەندی و پێنجی ئامادەیی، کە ئەو کات لە هەولێر دەکرا، کەلەپچە لە دەست و بەدەستی پۆلیسەوە دەچوو بۆ تاقیکردنەوەکانی.

بە درێژایی تەمەنی، بۆ هێندەی تاڵەموویەك، تۆزقاڵێك لە هەقپەروەری لاینەداوە. هیچ کاتی بۆ هەموو گەنج و کلووری دونیا، هەقی بە ناهەق نەداوە، ئەم پیاوە کوت و موت ئەو کەسەیە، کە (مەحوی) مەزن دەرهەقی فەرموویەتی:

«هەتا حق سەروەرە، هەر حەقمە مەنزوور
وەکو مەنسوور ئەگەر بکرێم بە دارا»

هەر لەسەر ئەو هەقڕەوییە، تووشی هەزار چەرمەسەری و بگرەو بەردە بووە.

هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە هەتا هەنوکە ئەم مەردە چاودێری گشت ئەو کارە هونەرییانەی کردووم، وەك رەخنەگرتن بەواتا زانست و هونەری رەخنە، بەو هۆیەوە کە خاوەنی رۆشنبیرییەتی ئینسکلۆپیدیای فراوان بووە، بۆیە سەری لەگشت کارەکان دەرکردووە، بەتایبەت، پێوەندیی بە هونەرە جوانەکانەوە، هەر لە رۆژانی گەنجییەوە، لەتەك هونەرمەندانی شێوەکارە مەزنانی گەلەکەمان (مامۆستا سلێمان شاکر) و (د.محەمەد عارف) خولیا و ئارەزووی هونەری نیگارکێشانی بووە، بەڵام لەبەر هۆکاری خێزانی، یان کۆمەڵایەتی تایبەت نەیتوانیوە وەك ئەوان بچێتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداو پەرە بە هونەرەکەی بدات، بۆیە پتر بایەخی بەلایەنی ئەدەب داوە، سەرەتا شیعر و پاشان هونەری رەخنە.

بەر لە (دکتۆر کەمال غەمبار) رەخنەی شانۆیی دەگمەن بوو، یان پتر لەگەیاندنی هەواڵێکی رۆژنامەیی، یان ریپۆرتاجێکی ساکار نەبوو، بەبێ ئەوەی بگاتە ئاستی شیتاڵکردنەوەو چوونە سەر بنج و بناوان و بینینەوە و شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و چاوگە فەلسەفییەکەی مامۆستا کەمال توانی رەخنەی شانۆیی لەسەر زەمینەیەکی لۆجیك و زانستییانە بخاتە سەرپێ و بونیادی بنێ.

بۆیە حەقە بڵێم رابەر و رێنیشاندەرم بووە، چونکە هەمیشە بە درێژایی پتر لە چل ساڵ بە راو بۆچوونی لە دووتۆی رەخنەکانیەوە پشتئەستوور و بەرچاو روونی کردووم، هەر بەهۆی ئەوەی پتر لە کەسانی دیکە ماندوو دەبووم و هەمیشەش ویستوومە، لە رێگای چاککردنەوەوە کەلێنەکانی پێ پڕکەمەوە و بەرەو مەبەستی سەرکەوم، ئەوە بوو مایەی ئیرەیی و رکەبەرایەتی کەسانی هەر لە هەمان بواردا، هەر وەك من رێگر بم، یان تەخت و تاجم لێ زەوت کردبن.

بۆیە زۆرجار لە شارانی دیکەی عێراقەوە و پتر لە نەفسنزمەکانیان دەهێنا بۆ ئەوەی دژایەتی کارەکانی من بکەن، بەڵام بەردەوام دکتۆر بەهێز و گوڕی زانستە لەبن نەهاتووەکەی کری دەکردن. جارێکیان لەیەکێ لە فیستیڤاڵە شانۆییەکانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی گەیشتە رادەیەك، درێژە شیعرەکەی (نالی)م وت:



## ئەحمەد سالار

### تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

«لە جگەرگۆشەی شیعرم مەدە مەعنای خراپ بێ خەتا کەس نییە رازی کە لە ئەولادی درێ) دەستبەجێ شاعیری گەورەی کۆچکردوو (حەسیب قەرەداغی) چەپڵەی لێدا و فەرمووی بیکە بە عەرەبی، منیش ئامادە هاتمە دەست و کردم بە عەرەبی، وەك لە زەینما مابێت و نەسڕابێتەوە: (لاتطعنو فلذات كبدي، بابشع المعاني أيحق لامرء السكوت، وقد ضرب ابنائه دون حق).

ئەوسا کرایە چەپڵەڕێزان و دەستبەجێ مامۆستام غەمبار سەرکەوتە سەرشانۆ و ئەو بەکرێگیراوانەی رووزەردو خەجاڵەت کرد، هەرچۆن وانەی زارۆکانی دادەدرێ، ئاوا و بە زمانە پاراوە روون و رەوانەکەی، فێری فەلسەفەی شانۆیی کردن.

ئیدی (نوتق) لەدار و بەردەوە هاتبێ، لەوانەوە نەهات، لەو هەڵوێستانە گەلێکن و ناچار دەبێ هەر بۆ مێژوویەك دوو نموونەیەکیانی وەبیر بهێنمەوە.

شانۆیی (جزیری وانە ئەڤین)م، لەسەر شانۆی (ئەلرەشید)ی بەغدا و لە دووتۆی (فیستیڤاڵی شانۆی عەرەبی) پێشکەش کرد، کاتێ هاتمە سەر شانۆ بۆ سڵاودانەوەی بینەران کە هۆڵەکە جمەی دەهات و ژمارەیەکی زۆریش لە هونەرمەندانی ناسراوی عێراقیش ئامادەبوون، پتر لە دە خولەك هەمووان هەستانە سەر پێ و چەپڵەبارانیان کردم، پاشان ژمارەیەکیان سەرکەوتنە سەر شانۆکەو پیرۆزباییان لێکردم، یەکێکیان خۆی پێ ناساندم: پیرۆزباییت لێدەکەم، من (یاسین النصیر)م، یەك حەرف کوردی نازانم، بەڵام لە هەمووی تێگەیشتم، ئەوا نووسینێکی رەخنەئامێزی بەدڵی خۆم لە رۆژنامەی (ئەلجمهوریە) بڵاودەکەمەوە، کارەکەت شاکارێکی دەگمەنە.

کاتێ چەقەڵەکانی ناوچەمەکانی هونەری کوردی ئەمەیان بیست بە پەلە سۆراغیان کردبوو، کە شەوانە لە یانەی ئەدیبان و نووسەران، لە گۆڕەپان ئەندەلس دادەنیشێ، مشەخۆرانە و دابوویان بەسەر مێزەکەیدا و هەوڵی پاشگەز بوونەوەیان لەگەڵ دابوو، ئەویش دەستی بە روویانەوە نابوو، بۆیە لەکاتی خۆیدا باسەکەی بڵاوبوویەوە، لە ناو خۆیان، گوتبوویان ئەو ئەوا هیچ، ئەی چی لە مامۆستا کەمال غەمبار بکەین؟

جارێکیشان (ئەمە مشتێکە لە خەرواری)، شانۆیی (کێشەی چوون و نەچوون)م پێشکەش کرد، نەیاران چووبوونە پەنا گوێی (تەها سالم) کە شایانی رێزمە، کەوتبوونە سەروگوێ شکاندنی کارەکەم، دیارە کەمێك زەفەریان پێ بردبوو، بۆیە هەستاو کەوتە بزرکاندنی هەندێ رستەی سەیر، ئەمنیش هەستم کرد، پیربووم و ئەو وەزیەی جارانم نەماوە، بۆیە وازم لە شانۆیی نووسین هێنا، ورامم دایەوە: جارێ من پیر نەبووم و هێشتا نەبوومە چلساڵیش، بەڵام، وەك مامۆستای مێژووی شانۆ، ئەوە دەزانم شانۆنووسەکانی جیهان، تادواهەناسە شاکاریان نووسیوە...

وەك گوڵەباخە ئەسڵەکان، بەفری سەریان بەخونچە تازە دەمپشکوت دەوەرێنن.

ئیدی مامۆستام باسێکی زۆر بە پێزی لەسەر پێشکەش کردو پاشان وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە دکتۆرانامەکەیدا بۆ چەند جارێ ئاماژەی بۆ کردووە، دەبێ بڵێم، یەکەم کەسێ کە نەك هەر دەرکی بە شێوازە شانۆییەکەم کرد، (د.کەمال) بوو، هەر ئەویش فەلسەفەی ئەو شێوازە ئاهەنگسازییەی دەستنیشان کرد، کە شێوازێکی پوخت خۆییەوە، نە لاساییە و نە شوێنهەڵگریی کەسانی دیکە، روونی کردەوە، بە چ شێوازی مامەڵەم لە تەك کەلەپووری گەلەکەمدا کردووەو بۆچی کردوومەو مەبەستم چییە و دەمەوێ چی بونیاد بنێم، هەروەها سەرجەمی لایەنە تایبەتمەندییەکانی چییە، بۆیە بەرێزیان وەرامی گشت پرسیارەکانی جاران و ئەوەی دەکرێ و ئەوەش کە لە ئایندەدا دەبێ بکرێ، نەیارانم خۆیان بەووەو گرتبوو لە زۆر کۆڕو کۆبوونەی شانۆییدا، بۆ کەمکردنەوە لە شێوازەکەم، بیکەنە پاشکۆ و لاسایی، نەك شوێنهەڵگری، هونەرمەند و نووسەری عەرەبی (عەبدولکەریم برشید)، بەڵام بەردەوام دکتۆر روونی دەکردەوە ئەوانە هەڵەن، هەتا خوا کردی هەرلەسەر زارو قەڵەمی (عەبدولکەریم برشید)ـەوە، باسی شێوازەکەی من کرابوو، کە ئاهەنگسازییەکی نەتەوەیی کوردییە و سەرسامی خۆی بۆ دەربڕیبوو، بۆیە (د. کەمال) بە رەوای بینی، چەند رستەیەك لە دەقی قسەکانی (برشید) لەسەر بەرگی پشتەوەی دکتۆرانامەکەیدا دابنێ، ئەوە جوانترین وەرام بوو، بۆ ئەوانەی بەزۆر خۆیان گێل و گەلۆر دەکەن و بێژنگ بە رووی خۆری نیوەڕوانەوە دەنێن.

دەبێ بڵێم بەهەر حەرفێ زادەی خامە رۆشن بەخشەکەی بووبێ، ئەوا گەزگەز باڵام پێکردووە، چونکە پتریش بە زمانی عەرەبی لەسەری دەنووسیم، بەو کارە چەشنەها پەنجەرەی بەسەر هونەرەکەمدا والاکردۆتەوە، کە باسی دکتۆر بکرێت، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو زمانە عەرەبییە بکرێ، کە هەرچۆن بۆ برای هونەرمەندم (حاجی عەبدولستار ئەلبەسریم) کرد: ئەم دکتۆرە دەتوانم لەو بارەیەوە بە دڵنیاییەوە پێت بڵێم ئەگەر لە مەلاکانی (کووفە) جاران دەستەباڵاتر نەبێت ئەوە هاوشانیانە.

هەر بەو زمانەی کە هەمیشە گۆی سەرکەوتنی بردۆتەوە چەند شانۆیەکی وەرگێڕاوەو بڵاویکردۆتەوە، جگە لەوەی دوایین میدالیای شانازی پێ بەخشین کە دکتۆرانامە بەرزەکەی بوو: (احمد سالار رائدا و مؤسس المسرح الأحتفالي الكردي المعاصر) کە چەند جارێ چاپ کراوەتەوە. لە کۆتاییدا دەڵێم: خەڵکینە ئێوەو خوداتان، گەر ئەو رابەرم نەبێ، بە کێ بڵێم رابەر؟

**بۆیە زۆرجار لە شارانی دیکەی عێراقەوە و پتر لە نەفسنزمەکانیان دەهێنا بۆ ئەوەی دژایەتی کارەکانی من بکەن، بەڵام بەردەوام دکتۆر بەهێز و گوڕی زانستە لەبن نەهاتووەکەی کڕی دەکردن**

**نەیارانم خۆیان بەووەو گرتبوو لە زۆر کۆڕو کۆبوونەی شانۆییدا، بۆ کەمکردنەوە لە شێوازەکەم، بیکەنە پاشکۆ و لاسایی، نەک شوێنهەڵگری، هونەرمەند و نووسەری عەرەبی (عەبدولکەریم برشید)، بەڵام بەردەوام دکتۆر روونی دەکردەوە ئەوانە هەڵەن، هەتا خوا کردی هەرلەسەر زارو قەڵەمی (عەبدولکەریم برشید)ـەوە، باسی شێوازەکەی من کرابوو، کە ئاهەنگسازییەکی نەتەوەیی کوردییە و سەرسامی خۆی بۆ دەربڕیبوو**